مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# النقد الاجتماعى فى قصيد(الخريف الزعيم) الشاعير طلعت طاهير

مسعودعبداللة مصطفى
كلية اتربية مخمور,جامعة صلاح الدين
Masoud.mustafa@su.edu.krd

كنارياسين عمر
كلية التربية مخمور,جامعة صلاح الدين
kanar.omar@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الزعيم, النقد الاجتماعى, سلب المقدرات, اوالنهب الاقتصادى, جشع السلطة, الاضطهاد الطبقى

**كيفية اقتباس البحث**

مصطفى , مسعودعبداللة , كنارياسين عمر , النقد الاجتماعى فى قصيد(الخريف الزعيم) الشاعير طلعت طاهير,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# Social Criticis in the Autumnal Ode by Zaeem talat Tahir

**Lead researcher**
**Asst.Lect. Masoud Abdullah Mustafa**
**College of Education- Makhmur-Salahaddin university**
**Emal: Masoud.mustafa@su.edu.krd**

**Co-Researcher:Asst.Lect. Kanar yasen omar**
**Emal: kanar.omar@su.edu.krd**
**College of Education- Makhmur-Salahaddin university**

**Keywords** : Social criticism, economic looting, abuse of authority, greed of power, social discrimination, Zaeem

**How To Cite This Article**
Mustafa , Masoud Abdullah , Kanar yasen omar ,Social Criticis in the Autumnal Ode by Zaeem talat Tahir ,Lead researcher ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
Poetry engages with human feelings in an honest, refined, and artistic manner. Through poetry, the beauty of life as well as its problems are identified and expressed using clear, eloquent language. As a literary form, poetry reflects human experience and social reality while appealing to both emotion and intellect.

Talaat Taher is one of the prominent modernist poets. Through his use of simple yet expressive language drawn from everyday life, he reaches deeply into the human mind from a philosophical and romantic perspective. Payizi Zaeem is one of Taher’s most powerful and significant poems, in which he criticizes political leadership using a simple yet sarcastic tone. The poem exposes the misuse of authority, the waste of public wealth, and the concentration of power for personal gain. At the same time, it offers sharp social criticism, highlighting how such

leadership contributes to the collapse of social values, families, and society as a whole.

Social criticism is an important type of literary criticism found in both poetry and prose genres such as short stories and novels. It primarily focuses on texts that emerge from social realities and address societal and everyday life issues. Such works identify social problems, raise awareness, and often suggest solutions, aiming to reform society and contribute to the creation of a healthier and more just social structure. Our research is divided into two parts. The first part consists of four themes. We have worked on social criticism in a theoretical way. The second part consists of two topics. The first topic is some statements about Tal'at Tahir; The second theme is that we have worked on the cham in a practical way; We have identified and analyzed the criticisms socially. We conclude our study with some conclusions and a list of sources; We have also presented a summary of the research in Arabic and English.

الملخص:

لتفاعل أحاسيس الإنسان عن طريق الشعر الخالي من الشوائب والعيوب وبشكل نقي يحتاج الشاعر إلى لغة رصينة وسليمة، وذلك لإظهار جماليات الحياة وتقليل مرارتها.

ومن الشعراء المعاصرين بين الكورد لهذا الغرض، والذي يعد صاحب رؤية فلسفية وتجديدية هو (طلعت طاهر) إذ يوظف هذا الشاعر لغة البساطة لقصائده معبراً فيها الصدق بأجمل التعابير الوجدانية والفلسفية.

ومن أبرز قصائده الجميلة والمؤثرة على المجتمع الكوردي (پايزى زەعيم) خريف الزعيم، وهو يتحدث بلغة سهلة وبسيطة، ومع ذلك فيها رموز مخفية يذكر الصعوبات التي يواجهها الفرد في المجتمع الكوردي نتيجة فقدان الضمانات العامة وهيمنة أصحاب السلطة، وفي نفس الوقت يحذر الشاعر في هذه القصيدة من الأمراض التي تواجه المجتمع وتنتقل كعدوى من العائلة إلى المجتمع، الأمر الذي يؤدي إلى انهيار هذا المجتمع السليم.

لذا، المتأمل لنصوص هذا الأديب الشعرية والنثرية كـ (القصة، الرواية، أدب الرحلات....) فيها نوع من النقد الاجتماعي وهو من أنواع النقد الأدبي، فيلاحظ من هذه المحاور الهامة أن هذه النصوص تتعمق أكثر في داخل المجتمع وكأنها تعكس الواقع، يتحدث فيها عن هذه المعضلات التي تنبع داخل المجتمع واضعاً يده على الآلام وساعياً لإيجاد الحلول من أجل توعية المجتمع وبنائه بعيداً عن الأمراض الاجتماعية في المجتمع الكوردي. ينقسم بحثنا إلى جزأين. يتألف الجزء الأول من أربعة محاور، حيث تناولنا النقد الاجتماعي من منظور نظري.

أما الجزء الثاني، فيتألف من موضوعين: الأول يتناول بعض الآراء حول طليعة الطاهر، والثاني يتناول النقد الاجتماعي من منظور عملي، حيث حددنا وحللنا الانتقادات من منظور اجتماعي. نختتم دراستنا ببعض الاستنتاجات وقائمة بالمصادر، كما قدمنا ملخصًا للبحث باللغتين العربية والإنجليزية.

رەخنەی کۆمەڵایەتی لە چامە (پاییزی زەعیم)ی (تەڵعەت تاهیر)دا

توێژەری یەکەم/
م. ی. مەسعوود عەبدوڵلا مستەفا
کۆلیژی پەروەردەی مخموور،
Masoud.mustafa@su.edu.krd
07504567297

توێژەری دووەم/
م. ی. کەنار یاسین عومەر
کۆلیژی پەروەردەی مخموور
kanar.omar@su.edu.krd
٠٧٥٠٧٩٩٩٦٨٢

**پوختە:**
هۆنراوە مامەڵەکردنێکی پاک و بێگەردە لەگەڵ هەستەکانی مرۆڤ؛ لەم ڕێگەیەوە جوانی ژیان و کەموکووڕییەکانی دەستنیشان و بە زمانێکی پاراو وەسف دەکات.
تەڵعەت تاهیر یەکێکە لەو شاعیرانەی نوێخوازە. بە هۆی سادەیی و جوانیی بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە، هۆنراوەکانی زیاتر دەچنە نێو ناخی خەڵکەوە، بەڵام لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفییەوە.
پاییزی زەعیم یەکێکە لە چامە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی تەڵعەت تاهیر، بە هۆی بەفیرۆدانی سامانی گشتی و پاوانخوازی دەسەڵات بۆ تاکەکەس، بە زمانێکی سادە و گاڵتەئامێز ڕەخنە لە سەرکردەکان دەگرێ. لە هەمان کاتدا پڕیەتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات.
لە ڕێگای ئەم ڕەخنە کۆمەڵایەتییانەوە، مرۆڤ و کۆمەڵگە دەخاتە بەر هۆشیار زیاترەوە؛ ئامانجی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە.

کلیلەوشە: (پاییزی زەعیم، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، تاڵانی ئابووری، چاوچنۆکی دەسەڵات، چەوساندنەوەی چینایەتی)

**پێشەکی:**
ڕەخنەی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی؛ لە ناو دەقەکانی هۆنراوە و ژانرەکانی پەخشان وەك چیرۆك، ڕۆمان، سەربردە و تاد... بە دیار دەکەوێت؛ زیاتر ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کە لەناو کۆمەڵگەدا هەڵقولاون؛ باس لە کێشەکانی ژیان و کۆمەڵ دەکەن؛ دەردەکانی دەستنیشان دەکەن و چارەسەریان بۆ دەدۆزنەوە؛ ئامانجیان هۆشیارکردنەوە و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ئەم توێژینەوەمان لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە لە چامەی (پاییزی زەعیم)ی تەڵعەت تاهیر. دەمێك بوو کێشەکانی نێو کۆمەڵگە و جیاوازی نێوان چینایەتی، نادادی و نایەکسانی زۆر دەردی تر، سەرنجی ئێمەی ڕاکێشابوو. ناسکی، قووڵی و پڕمانایی لەم چامەیە، وای کردووە کۆمەڵێ ڕەخنە لە خۆ بگرێ وەك ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەی سیاسی و ڕەخنەی فێمێنزمی. ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کە دەڵێ ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، بۆیە ویستمان توێژینەوەکەمان لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بێت لە چامەی پاییزی زەعیم.

**گرفتی توێژینەوە:** لە توێژینەوەکەمان هەندێك گرفتمان هاتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە بەهۆی یاسای توێژینەوەکان ژمارەی لاپەرەکانی دیاری کراوە نەمان توانی هەموو ڕەخنەکانی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین، چونکە چامەکە پڕیەتی لە کێشەکانی نێو کۆمەڵگە کە ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە. بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە ئەو ڕەخنانەی شاراوەن دیاریان بکەین، بە شێوەیەکی قووڵ شیيان بکەینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بەهۆی ئەوەی چامەکەمان شی کردووەتەوە و وەسفمان کردووە، ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بە کار هێناوە.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکەمان دوو بەشە. بەشی یەکەم چوار تەوەرەیە، بە شێوەیەکی تیۆری کارمان لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کردووە. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم چەند وتەیەکە لە بارەی تەڵعەت تاهیرەوە؛ تەوەرەی دووەم بە شێوەیەکی پراکتیکی کارمان لەسەر چامەکە کردووە؛ ڕەخنەکانمان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان کردووە و شیمان کردوونەتەوە. بە چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکەمان هێناوە؛ هاوکات پوختەی توێژینەوەمان بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتە روو.

**بەشی یەکەم**

**تەوەرەی یەکەم**

**چەمك و پێناسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:**

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئەکادیمی، ئەدەبی و هونەرییە؛ تیشك دەخاتە سەر ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، کولتوور، باوەڕ و نەریتەکان، پێکهاتەی دەسەڵات، حکومەت سیستمی ئابووری و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجی تەنیا ڕەخنەگرتن نییە، بەڵکو هۆشیاری زیاتر و ئیلهامدانە بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم جۆرە ڕەخنەیە وەك سیستمێك کار دەکات کە کۆمەڵگە دەخاتە بەر هۆشیارییەوە و لە دۆخی کارە ناشرینەکان و نارێکییەکانی نێو کۆمەڵگە، لادان لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست ببێت لە هەموو بوارەکانی ژیان وەك ئابووری، دادپەروەری، حوکمڕانێکی تەندروست بۆ وڵات.

بۆیە دەتوانین بڵێین، (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، ئەگەر هاتوو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە چارەسەری کێشەیەکی ئابووری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات، لە زۆربەی کاتەکاندا تەنیا چارەسەری ئەو بابەتانە دەکات کە جێگەی گرینگی و بایەخی ڕای گشتییە لەسەردەمی خۆیدا) ( وهبة، ١٩٤٧، ل٥٢٥)

بۆ تێگەیشتنمان بۆ ئەم پێناسەیە دەگەین بەوەی بڵێین ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چارەسەری بۆ زۆر لە کێشەکانی نێو کۆمەڵ دەدۆزێتەوە، ئەمەش بە هۆی کێشانی وێنەی کێشەکان لە چوارچێوەی بەرزی ئەدەبیدا. هەوڵ دەدات لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵگە هۆشیار بکاتەوە کێشەکان بنبڕ بکرێ.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەو شێوەیەی کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، کار لەسەر ئەو دەقانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە و گوزارشتی لێ دەکەن؛ چونکە دەق وەك بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. بە واتایەکی تر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات ئەدەب بە کۆمەڵگە ببەستێتەوە، لەبەرئەوەی ئەدەب وەك ئاوێنەیەك وایە بە هەموو دەرکەوتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتورییەکانیەوە ڕەنگدەداتەوە.

ئەگەرچی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێکی نوێ دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕووی بیرۆکەوە زۆر کۆنە، چونکە لێکدانەوەی ئەدەب و دیاردە ئەدەبییەکان هەمیشە پەیوەست بووە بەو کۆمەڵگەیانەی کە بەرهەمی هێناوە.

کەواتە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی(بەشێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و گەندەڵییانە ئاشکرا دەکات کە لە واقیعی کۆمەڵگادا هەیە و چارەسەرکردنیان ئەستەمە پەشیمان دەبێتەوە، کاتێك تیشك دەخاتە سەر دیوی نەرێنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و بەیەك چاو سەیری کۆمەڵگە دەکات، خوێندنی ئەم بابەتە پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆرە بۆ ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و گەیشتن بەو پاشخانانەی کە نووسەر لە ڕەخنەکانی لە کۆمەڵگەکەیدا لەوێوە دەستی پێ کردووە.)(قلاتی،٢٠١٦،ل١)

کە باس لە رەخنەی کۆمەڵایەتی دەکەین، نابێت بیرمەند و فەیلەسووفێکی وەك (کارل مارکس) باس نەکەین، چونکە تیۆرەکانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرەوپێشچوون و کامل بوونی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەبووە؛ ئاشکرایە کە مارکسیزم فەلسەفەیەکی ماددییە و زیاتر گرنگی بە لایەنە ماددییەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ دەدات. بۆیە ئەم فەلسەفەیە ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر دووبنەمادا بەش دەکات،(هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا تەنانەت ئەدەب و هونەریش دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە کە بزوێنەرەکەی ژێرخانە و بریتییە لە هۆکارە ئابوورییەکان و بزوتنەوەی بەرهەم هێنانی ماددی.)(شراد، ١٩٨٨،ل٢٣٤)

بەڵام تێروانینی مارکسیزم سەبارەت بە ئەدەب و هونەر ئەوەیە کە ئەدەبیات (چ لە ناوەڕۆك و چ لە رووخساردا، بە قووڵی لە ژێرکارتێکردنی هێز و وزە کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژووییەکاندایە.)(سەجادی، ٢٠٠٥،ل٨٦)

بۆیە پێمان وایە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردە و کێشە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان و باشترکردنی کۆمەڵگە، ئەم جۆرە ڕەخنەیە زۆرجار لە ڕێگەی ئەدەب و فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەبڕێ.

**تەوەرەی دووەم:**

سەرهەڵدان و گەشەکردنی مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی کوردیدا:

پەرەسەندن و گەشەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی فرەڕەهەندە وگرنگە، پەیوەستە بەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ گەشەی هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی پەرەی سەندووە.

بە هۆی ئەو دۆخە ناهەموارەی لە کۆمەڵگەی کوردی وەك هەبوونی گەندەڵی و نەبوونی سیستمێکی حوکمرانی تەندروست، نەبوونی قوتابخانە و نەخۆشخانە دەردی هەژاری و جیاوازی جینایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت و تاد... زۆر دەردی دیکەی نێو کۆمەڵگە.

بۆیە شاعیرانمان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی چاودێریکردنی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بخەنە ڕوو(کە چەند نموونەیەکی ئەدەبی سیما جیاواز بخەنە ڕوو، لە کێشە و پرسە جەوهەرییە گشتییەکانی کۆمەڵدا هاوبەشن. گوزارشت لە بۆچوونەکانی ئەدیب و بەرجەستەکردنی هەڵوێستەکانیان بکەن.)(لطلال،١٩٨٢،ل٦٠)

لەسەرەتا بەرهەمە ئەدەبیەکان تەنیا شیعر بوون، دەتوانین بە سەرچەند قۆناغێك دابەشیان بکەین:

یەکەم قۆناغی کلاسیك (پێش سەدەی بیستەم): لەم قۆناغە بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەدەبی کوردی شیعر بوو، بەشێك لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وکێشەکانی ناو کۆمەڵگەی بوون، وەك شاعیرانی (نالی، حاجی قادر، شێخ رەزا، بێکەس و تاد...). بۆ نموونە لە لای حاجی قادر زیاتر ئەم جۆرە ڕەخنەیە ڕەنگی داوەتەوە.

بەهۆی ئەوەی حاجی زۆرینەی ژیانی لە غوربەت بەسەر بردووە، هەستی بە ترازان و یەك نەبوونی میللەتەکەی کردووە و دەڵێ،(هەر چەند ئێمە زۆرین بەڵام یەك دەست نین، هەمیشە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوانماندایە، ئەمەش دەردێکی کوشندەیە لە نێو ماڵی کورد هەمیشە وێرانی دەکات.)(سلێمان،٢٠١٣،ل٢٣). بۆ نموونە دەڵێ:

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن
بێ گەر دەستی یەك بگرن
وەك سکەندەر جیهان دەگرن (ئەمین،٢٠١٩،ل٦٠)

ئەم جۆرە ڕەخنەیە هەمیشە بەردەوامە، بەڵام سەردەمەکانیان جیاوازە، بۆ نموونە لە لای بێکەسی شاعیردا ئەم ڕەخنە کۆمەڵایەتییە زیاتر قووڵ بووەتەوە بۆ نێو ناخی کۆمەڵگە، وەك جەنگ و ماڵوێرانی، خراپی باری ئابووری و چەوسانەوەی ئافرەت و زەوتکردنی مافەکانیان، نەخوێندەواری و نەبوونی زانست و زانیاری، پارچەپارچەبوونی میللەت و دژایەتی یەکتر و زۆر دەردی تر. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردی هەموو شتێك تەنیا بەدەست پیاوان بوو، تا وای لێهات بوو نزیك بێتەوە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری.

بەڵام شاعیران، بیرمەندان و نووسەرانمان ئەمەیان ڕەت کردووەتەوە، کە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان پیاوان و ئافرەتان، هەردوو ڕەگەز هاوکاریی یەکدین؛ پێکەوە ژیان جوانتر دەکەن. بۆ نموونە بێکەسی شاعیر کاتێك ڕوو لە کۆمەڵگە دەکات کەدەبینێت ئافرەتانیش هەوڵ دەدات فێری زانست و زانیاری بێت، دەڵێ:

ئەمرۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالم شەو و ڕۆژ لە فەرمانە
فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە
سەرپۆش فێرێ دە کەی وادەی شەرمە (ئاشنا، ٢٠٠٨، ل١١٨)

قۆناغی دووەم سەرەتای سەتەی بیستەم: سەرهەڵدانی چاپ و چاپەمەنی و دەرکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی لە سەرتای سەدەی بیستەم و دامەزراندنی قوتابخانەی بابان لە شیعری کوردیدا بواری نووسین و ڕەخنەگرتنی فراوانتر بوو. دەرکەوتنی ژانرەکانی تری ئەدەبی وەك چیرۆك، ڕۆمان، وتار... دەرکەوتنی گۆڤاری کوردی وەك گەلاوێژ، ڕۆژنامەی ژین و ژیانەوەی پیرەمێرد، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی زیاتر پەرەی سەند،

کێشەکانی ناو کۆمەڵگە زیاتر زەق کرانەوە وەك،( هەژاری و نەخوێندەواری، جیاوازی نێوان ژن و پیاو. دەربەگایەتی...) ئەمانە ناوەڕۆکی زۆرێك لە بەرهەمەکانی شاعیران و ڕۆشنیرانمان بوون.
دواتر لەلای شاعیرانی وەك پیرەمێرد و گۆران و قانیع و بەختیار زیوەردا، ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیان پڕ بوون لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە لە لای گۆرانی شاعیر کاتێك ڕەخنە دەگرێ لە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێو کۆمولگە، ئەوکێشە و ململانێیە ناوخۆییانە ڕێگر بوون لە بەردەم بەرەوپێشوەچوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆیە شاعیر داوا دەکات یەکگرتن بەردی بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵە، لە دەقێکی شیعری دەڵێ:

دەمی ڕاپەرینە، دەمی ڕاپەرین
هەتا کەی بە سستی و پەستی بژین؟
پەلامارده، ئەی کوردە عەرەق ڕشتنێ
لە دڵی کرمی ناکۆکی دەرکردنێ
بەیەك بوون ئەبێ گەلت پێش کەوێ (ساڵح، ٢٠١٢،ل٢٠٠)

دەرکەوتن و گەشەکردنی چیرۆك و ڕۆمان: وەك ڕۆمانەکانی لە خەومای جەمیل سائیب و مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف، چیرۆکەکانی کاکەمەم بۆتانی، ئەمانە ناوەڕکی بەرهەمەکانیان پریەتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بەم هۆکارانە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە گەشەکردن بوو؛ بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگە بەردەوام پێش دەکەوێ، هەمیشە تەکنیکی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە دەدۆزێتەوە. تاوەکو ئەمرۆش ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەر بەردەوامە لە لای نووسەران و شاعیرەکانمان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدرەوشێتەوە؛ هەمیشە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

تەوەرەی سێیەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبدا

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەب واتا بەکارهێنانی بەرهەمی ئەدەبی لە (شیعر و پەخشان، وەك چیرۆك و ڕۆمان و وتار) وەك ئامرازێك بۆ پیشاندانی دیاردە نارێك و نەشیاوەکانی نێو کۆمەڵگا، هەوڵ دەدات کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست بێت، هەمیشە هانی چاکسازی دەدات.
شاعیران و بیرمەندانی جیهانی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تەرخان کردووە، بۆ نموونە (ڤیکتۆر هۆگۆ) کاتێك شاکارێکی ئەدەبی نایابی نووسی بەناوی (بێ نەوایان) (هۆگۆ،١٩٨٨،ل١)
ئەم شاکارە گەورەیە باس لە دەردەکانی کۆمەڵگە دەکات، پڕیەتی لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.
چارڵز دیکینز، نووسەر و بیرمەندی ئینگلیزی لە بەرهەمەکانی وەك چیرۆك و ڕۆمان و وتارەکانی، باس لە دەردەکانی کۆمەڵگە دەکات، پڕن لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە لە ڕۆمانی (ئارەزوو مەزنەکان)(دیکنز،٢٠٠٩،ل١)
لە ئەدەبی کوردی بە هۆی ئەوەی شاعیران و نووسەرانمان لە ناوکۆمەڵگە ژیاون، دیاردە نەشیاوەکانی نێو کۆمەڵگەیان بینوە و بیستوویانە، بونەتە هەوێنی بەشێك لە بەرهەمەکانیان. کەواتە (شاعیر ئەو کاتە دەتوانێ باسی دەردێکی کۆمەڵایەتی بکات کە خۆی لە نێو واقیعەکە وجوودی هەبێت، کاریگەری ئەم دەوروبەرە هەستی جوڵاندبێ بۆ ئەوەی بتوانێ گوزارشتێکی ڕاستی ناو ژیان کۆمەڵگا لە شیعرەکانی وێنەبکێشێ)(سلمان،٢٠١٣،ل١٥)
لێرەدا پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە بە ئەدەب دەبەستێتەوە، چونکە شاعیران یان نووسەر کوڕی ئەم کۆمەڵگەیەن. دیاردەکانی وەك (هەژاری، نادادی، یەکسانی، جیاوازی نێوان چینایەتی،

ئازادی مرۆڤ، نەخوێندەواری) ئەمانە هەوێنی دروست بوونی دەق ئەدەبی نایابن. تا ئەمرۆش لە لای شاعیر و نووسەری وەك (تەڵعەت تاهیر) بەردەوامە.
ئامانج لەم جۆرە ڕەخنەیە وشیارکردنەوەی خەڵکە و هەوڵدانە بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست بێت.
ئەم جۆرە ڕەخنەیە جیاوازە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ڕەخنەی سیاسی، ڕەوشتی، مێژوویی چونکە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تیشك دەخاتە سەر پێکهاتە و ڕێسا کۆمەلایەتییەکانی وەك خێزان، ئایین، کولتوور، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی نێوکۆمەڵگە.

**تەوەرەی چوارەم: ڕەهەندی مێتۆدی کۆمەڵایەتی لە شیعردا**

ڕەهەندی مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی باس لە پەیوەندیی نێوان دەق ئەدەبی(شیعر) و کۆمەڵگە دەکات. ئەم مێتۆدە هەوڵ دەدات شیعر وەك بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بخوێنێتەوە، جەخت لەسەر ئەولایەیانە دەکاتەوە کە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکە. کێشەکان، پێشکەوتنەکان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەیە. ئێمە چەند ڕەهەندێك دیاری دەکەین کە کاریگەریان لەسەر شیعر هەیە:
یەکەم ڕەهەندی ڕەنگدانەوە: (Refiection) شیعر وەك ئاوێنەی کۆمەڵگەیە، دۆخی کۆمەڵگە لەجبەرهەمەکانیان نمایش دەکات. واتا سەردەمی شیعر بەوردی دەستنیشان دەکات، دەستنیشانکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگەی گونجاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتی وەك (هەژاری، نایەکسانی، نەریتی خراپ، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.)
لێرەدا شاعیر ئاماژەی بۆ ئەم دەردانە کردووە، یان ڕەخنەی لێگرتووە، لەم بارەیەوە پیرەمێردی شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە، وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و ئەو سەردەمە. وەك ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی هەوڵی داوە خەڵکی لە ڕاستی دۆخی خۆیان بگەن. ئەمەش نموونەی یەکێك لە هۆنراوەکانیەتی:

کچ بە نابەدڵ بۆ پیر چوو بە بووك
مێرد بێزار دەکات شەو بە نووکەنووك
هانام بەتۆ خوای دەستگیر
نەم کەی بە بووك و بکەومە دەست پیر (هۆشیار،٢٠٠٧،ل٢٣٠)

لێرەدا شاعیر ڕەنگدانەوەی کولتوورێکی خراپی کۆمەڵگەیە لەسەر ئافرەت و کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی ئافرەت هەیە، کە کچێکی گەنچ بەزۆری شوو بە پیاوێکی پیر و گەورەتر لە خۆی بکات.
دووەم ڕەهەندی کاریگەری ڕۆڵ (Roleint luonceand): لێرەدا ڕۆڵی شیعر لە کۆمەڵگە چییە؟ توێژینەوەکان لە بارەی شیعر چ ڕۆڵێکی بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك، هاندان بۆ گۆڕانکاری یان پارێزگاریکردن لە بەها کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان، ئاشکراکردنی مەبەستی شاعیر لە بەرهەمەکانی چارەسەرکردنە یان بۆ خستنەڕووی کێشەکانە. لەم بارەیەوە (هێمن موکریانی) بە زمانی ڕەوانی و سۆزەوە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی دەخستە ڕوو، داوای یەکسانی و دادپەروەری دەکرد.
هۆنراوەکانی وەك بزوێنەرێك بوون بۆ خەڵکی ژێردەستە؛ تا بەرگری لە مافەکانیان بکەن، بۆ نموونە لە هۆنراوەی (دوارۆژی ڕووناك) باسی مافخوراوی گەلی کورد دەکات، بەرگری دەکات لە مافەکانی گەلی کورد، داوا دەکات هەرچی زووە ئەم گەلە ستەم دیدە ڕزگاری بێت بە مافەکانیان بگەن. بۆ نموونە لەم هۆنراوەیە دەڵێت:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

له مێژبوو هەقی کورد دەخورا بەفیڕۆ
له مێژبوو کورد دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
له مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکو گۆ (هێمن، ٢٠١٤، ل٨٢)

سێیەم ڕەهەندی مێژوویی و چوارچێوەیی(And cond xtual lt istorical): بەستنەوی مێژوو بە شیعر لە چوارچێوەی ڕووداوی مێژوویی و دۆخی سەردەمەکە...

مێتۆدی کۆمەڵایەتی زۆرجار بە هاوبەشی لەگەڵ مێژووکار دەکات، تێکەڵبوونی هۆنراوەکان بە کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، پەیوەندیی دەسەڵات و خەڵك، چەنگ و ئاشتی، هەوێنی دروستبوونی هۆنراوەکانن. بۆ نموونە شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەسەر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجە و کارەساتەکانی سەر گەلی کورد، بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی نووسیوە، کاتێك له بارەی کیمیارانی شاری هەڵبجە دەڵێ:

لە ئێستە بەدواوە من ئیتر هەڵبجەم
لە ئێستە بەدواوە من دەنکە فرمێسکی هەناری ئەو خەمە گەورەیەم
لە ئێستە بەدواوە من باری ئەو سێوەم کە ئیتر بار ناکرێ بۆ ئەوێ (بێکەس، ١٩٩٨، ل٣٣)

چوارەم ڕەهەندی هونەری و تەکنیکی (Technical Avtistic and) زمان و شێوازی دەربڕین و شیکردنەوەی زمان و دەستەواژەکان. زۆرجار بۆ بەکارهێنانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە ڕەمز یان گاڵتەجاڕی (ساتیرا) بە کار هاتووە. هەروەها بەها ئەخلاقی و فەلسەفییەکانە. توێژینەوەکان لەو بەها ئەخلاقی و مرۆڤیانەی کە بە شیعر بانگەشەی بۆ دەکات، یان ڕەخنە لە بوونیان دەگرێت. لەم بارەیەوە پەشێوی شاعیر زۆرجار بە شێوازی تەنز و گاڵتەجاڕی تیژ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرن. ئەم شێوازە هونەرییە کار دەکاتە سەر خوێنەر لە ڕاستییە تاڵەکان بە شێوەی قووڵتر تێ بگات. بۆ نموونە لە دوازدە وانە بۆ منداڵان پەشێوی شاعیر بە شێوازێکی هونەریی جوان و تەکنیکی نایاب ڕەخنە دەگرێ، لە وانەی هەشتەم دەڵێ: منداڵەکان

ئەی برسییە ژینتاڵەکان
لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی بابە گوڕگوڕ
نێزیك تاقگەی سەرەو ژووری زێڕینگڕ
گڵکۆیەکی بچکۆڵەم دی، لێی نووسرابوو
(ئالێرەدا منداڵێکی چاوگەشی کورد لە برسان مرد.) (پەشێو، ٢٠٠٨، ل٢٣٣)

**بەشی دووەم:**

تەوەرەی یەکەم/ چەند وتەیەك لە بارەی(تەڵعەت تاهیر)ی شاعیرەوە:

تەڵعەت تاهیر یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئێستەی باشووری کوردستان، ئەم شاعیرە شێوازێکی تایبەتە بە خۆی هەیە؛ لە وێناکردنی رەخنەگرتن، ئەوین و تەنیایی ناسراوە. ساڵی ١٩٧٣ لە شاری هەولێر لە دایکی بووە. لە نێو جەرگەی ژیانی ئەو شارە و گەڕەکەکانی هەولێر گەورە بووە؛ کاریگەریی زۆری لەسەر زمانە شیعرییەکەی هەیە کە زمانێکی سادەیە، بەڵام پڕ لە واتا و قووڵە. شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە. بابەتەکانی باس لە (ئەوین، دابڕان، نیشتیمان، دایك، تەنیایی و تاد...) دەکەن. زیاتر بە شێوازی شیعری نوێ (پەخشانە شیعر) دەنووسێت. چەند بەرهەمێکی شیعری بە ناوەکانی (ناوی تۆ ئیمزای منە، ئەوگوڵە گەنمانەی بوون بەگسک) هەن.

ئێستە لە ژیانـدا مـاوە و لە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێیە. نووسـەرێکی چـالاکە لە گۆڤـار و ڕۆژنامەکان بەرهەمی بڵاوکراوەی هەن، تێکستی شیعری گۆرانییش دەنووسێت.

تەوەرەی دووەم:

خوێنـدنەوەیەک بـۆ چـامەی (پـاییزی زەعـیم)ی تەڵـعەت تـاهیر لەژێـر ڕۆشـنایی ڕەخـنەی کۆمەڵایەتیدا:

شیعری کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا، وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە ڕووی ناوەڕۆک و مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات و کۆمەڵگەدا. تەڵعەت تاهیریش، یەکێکە لەو شاعیرە کە بە زمانێکی جیاواز و بە شێوازێکی تەنزئامێز (Irony) توانیویەتی وێنەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان بکێشێت.

چامەی (پاییزی زەعیم) یەکێکە لە دەقە دیارەکانی ئەم شاعیرە کە تێیدا تەنیا وەسفی وەرزێک ناکات، بەڵکـو (پـاییز) دەکاتە سـیمبولی هەڵـوەرینی بەهاکان، پیربـوونی دەسـەڵات و دابـڕانی سەرکردە لە جەماوەر. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا.

لە چامەی (پاییزی زەعیم)دا، شاعیر ڕووبەڕووی پیرۆزییە ساختەکان دەبێتەوە و لەو ڕێگەیەوە ڕەخنەی قووڵی کۆمەڵایەتی دەگرێت:

لەوانەش شکاندنی وێنەی پیرۆزی سەرکردە (زەعیم):

لە کولتـووری ڕۆژهەڵاتیـدا، سـەرکردە هەمیشـە وەک پـاڵەوان و فریـادڕەس وێنـا دەکرێـت. تەڵعەت تاهیر لەم چامەیەدا ئەم وێنەیە دەشکێنێت. (زەعیم) لەم شیعرەدا پیرە، تەنیایە و لە کۆشـکی خۆیـدا لە خەڵـک دابـڕاوە. ڕەخـنە کـۆمەڵایەتییەکە لێرەدا ئەوەیە کە کـۆمەڵگە چـۆن متمانەی بە کەسایەتییەک داوە کە ناتوانێت گوێ لە ئازارەکانیان بگرێت.

چامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات، بۆ نموونە دەڵێت:

کەس بیری نایە لە کەیەوە بۆتە زەعیم
ئەوەی زانراوە کەسێکی ئاسایی نییە
دەتوانێ کانزاکانی ژێر زەوی بخوات و
پێدەشت بە دارستانەوە بجوێت
ڕووبار هەڵقورێنێ و ئاسمان بخاتە باخەڵییەوە
مێژوونووسەکان دەڵێن توانای زەعیم لە ئەفسانە کانیش بەدەرە
دەتوانێت بە فووێک چەندین وڵات برووخێنێ
بە هێمایەک مێژوو دروست بکا، کارەبا دەخواتەوە و نالەرزی
نەوت دەخاتە گیرفانیەوە و نارژێ! (تاهیر، ٢٠٢٤، ل٢٣٥).

ڕەخنەگـرتن لە گـەورەتـرین شـادەماری ئـابووری وڵات، ئەویش سـامانی ژێـرزەوی و سـەرزەوییە وەك نەوت و كانزاكان، كارەبا كە سـەرچاوەی ڕووناكییە بـۆ ژیان. لێرەدا شـاعیر دەڵێـت: زەعـیم دەتوانێـت كانزاكانی ژێـرزەوی بخـوات، كارەبـا دەخـواتەوە و نالەرزێـت، نەوت دەخـاتە گیرفـانی نارژێت. زەعـیم پـێی وایە هەمـوو شـتێك لەو وڵاتەدا مـوڵكی ئەوە و خـۆی خـاوەنێتی هەرچی لە ژێرزەوی و سەرزەوی هەبێت.

نەوت کە گەورەترین شادەماری ئابوورییە لە وڵات، مادەیەکی شلە دەیخاتە گیرفانی نارژێت. زەعیم پێی وایە دەبێ هەموو ئەمانە بفرۆشێت بۆ خێروخۆشیی خۆی، لە خزمەت ئەو دابێت. ئەمە نەوت نییە دەیخاتە گیرفانی نارژێت، ئەمە داهاتی نەوتەکەیە کە دەخاتە گیرفانی. گیرفانی زەعیم ئەوەندە قووڵە کە بەهەموو داهاتەکان پڕ نابێتەوە، کە ئەویش نیشانەی دەست بەسەرداگرتنی تەواوی جومگەکانی ژیانە لە لایەن زەعیمەوە تەنانەت سروشتیش لە دەستی ئەودایە.

دایکی زەعیم ئافرەتێکی ئەوەندە ڕەزیلە، لەسەر هەموو شتێك قسە دەكات، حەز دەكات هەموو شتێك خۆی بیکڕێ و مامەڵەی پێوە بکات؛ کەمترین پارە خەرج بکات. بۆیە دەڵێت:

دایکی لەگەڵ ئەوەی هەمووشتێکی وڵاتەکەی بەناوە
بە گسک ڕاوی خزمەتکارەکان دەنێ
گوایە دەستبڵاون و
شەکری زۆریان لە چایەکەی قونسوڵی تورکی کردبوو
هیچ عەرەبانەیەکی سەوزەفرۆش نەیدەوێرا نزیکی کۆشک بێتەوە
ئامادەبوو شینومۆر بێتەوە لەسەر نرخی دەسکێک کەوەر
(تاهیر،٢٠٢٤،ل٢٣٦ )

هۆنراوەکەی تەلعەت تاهیر بە وریاییەکی زۆرەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چینایەتی، گەندەڵیی سیاسی و دووڕوویی سەرمایەداران دەگرێت. کاراکتەری 'دایک' نوێنەرایەتیی چینی باڵادەست و دەسەڵاتدار دەکات، کە وڵاتەکە بە موڵکی خۆیان دەزانن. مۆدێلی مامەڵەکردنی لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا، بەتایبەتی بەکارهێنانی 'گسک' وەک ئامرازێکی سەرکوتکردن، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ململانێی چینایەتی، چۆن چینی دەسەڵاتدار بەبیانووی شتێکی بچووکەوە، وەك (دەستبڵاوی و زێدەڕۆیی خزمەتکارەکان) لە هەندێك خۆراك و کەلوپەلەکان، چەوسانەوە و زوڵم لە چینی کرێکار دەکەن.

سەبارەت بە ڕەخنەی سیاسی:

ئاماژەدان بە 'قونسوڵی تورکی' و زۆرکردنی شەکر لە چایەکەی، ساتیرێکی تیژە بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان و ئەو سەرنجە زۆرەی کە دەسەڵاتداران بە پەیوەندییەکانی دەرەوە، تەنانەت لەسەر حسابی کرۆکی کێشە ناوخۆییەکان و مافی هاوڵاتییانی خۆیان. ئەم ڕووداوە بچووکە دەبێتە هۆی سزایەکی گەورە بۆ خزمەتکارەکان، ئەمەش پیشانی دەدات چۆن چینی باڵادەست زیاتر خەمی ڕواڵەت و پەیوەندی دەرەوەیە نەك دادپەروەری ناوخۆیی. دوو ڕوویی دەوڵەمەندی و چینی باڵادەست لە هۆنراوەکەدا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر دەردەکەوێت کاتێک 'دایک'ەکە کە هەموو شتێکی وڵاتەکەی بە ناوە، ئامادەیە 'شینومۆر بێتەوە لەسەر نرخی دەسکێک کەوەرێك'. ئەم دژایەتییە نەخۆشیی خۆپەرستی و چاوچنۆکیی چینی دەسەڵاتدار ئاشکرا دەکات کە چۆن لە لایەکەوە داهاتی وڵات دەقۆزنەوە، لە لایەکیترەوە لەسەر بچووکترین خەرجی خۆیان ڕێک ناکەون.

سیمبوڵی 'گسک' و 'ڕەنگکردنی دەرگە و پەنجەرە ژەنگاوییەکان' ئاماژەی قووڵتریان هەیە. گسکەکە دەکرێت بە نیشانەی پاککردنەوەی ناڕەزایی و دوورخستنەوەی چینی خوارەوە بێت. هەروەها ڕەنگکردنەکە سیمبولی هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی گەندەڵی، پووچی و تێکچوونە

نێوخۆییەکان بە ڕواڵەتێکی جوان و خاڵی لە ناوەڕۆك. ئەمە ڕەخنەیە کە لەو حوکمڕانییەی کە خەمی گۆڕینی ڕووکەشە نەك چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان.

لە بارەی زەعیم دەڵێت:

زەعیم گوناحە
تا ئیستا کەس خەبەرێکی ڕاستی پێ نەداوە
ژەمێکی بەتێری نەخواردووە
پاسەوانەکانی بە پاساوی ژەهر نیوەی چێشتەکەی دەخۆن
لە ترسی ئەوان هەنگوین لە کوونی دیوار دەشارێتەوە
ناچارە بە دزی دکتۆرەکانەوە ساواربەگۆشت بخوا
ژیانی تایبەتیشی نەماوە
ناتوانێت بکۆکێت، بپژمێ، دەیخەنە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و تیشکی دەخەنە سەر و لەژێر ڕۆشناییدا وتار دەنووسن.

(تاهیر، ٢٠٢٤، ل٢٤١)

لێرەدا دەسەڵات وەک گرتووخانەیەکی زێڕین وێنا کراوە. سەرۆکە سەرەڕای هەبوونی پاسەوان و پێگەیەکی باڵا، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات لە کاتێکدا توانای کۆنترۆڵکردنی خەڵکی پێدەبەخشێت، لە هەمان کاتدا مرۆڤەکە دەخاتە ژێر چاودێریی سیستمێك و کەسانی دەوروبەری، بە جۆرێك کە ئازادیی کەسی لێ زەوت دەکرێت و دەبێتە قوربانی پێگەی خۆی. هەروەها بەڕاشکاوی ئاماژە بە گەندەڵی نێوخۆیی و نەبوونی متمانە دەکات لە بازنەی نزیکی دەسەڵات. "پاسەوانەکانی بە پاساوی ژەهراوی بوون نیوەی چێشتەکەی دەخۆن" و "هەنگوین لە کوونی دیوار دەشارێتەوە" دوو وێنەی زیندوون کە ئاستی گەندەڵی و بێمتمانەیی دەردەخەن، هەروەها ئەم نموونە شیعرە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی لە دەوری زەعیمن، دۆستی نین، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەوێن. کاتێک زەعیم دەخەوێت، کەس پاسەوانی خەونەکانی ناکات، تەنانەت لە نێوان سەرۆک و نزیکترین پارێزەرانیشیدا. ئەمە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکە کە بێمتمانەیی تێیدا بڵاو بووەتەوە و تەنیا پاساوهێنانەوە بۆ دزی و فێڵکردن ماوەتەوە. زەعیم "ژیانی تایبەتی نەماوە" ڕستەیەکی کورت و پوختە کە بەڕوونی ئاماژە بە لەدەستدانی ئازادیی کەسی و ژیانی تایبەتی سەرۆکەکە دەکات. هەروەها بەشێکی زۆری باس لە تەنیایی و هەژاریی زەعیم دەکات، بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی وەکوو زەبروزەنگیك دژ بە گەلەکەی بە کار دەهێنێت؛ بۆیە لە هەموو شتێك بەگومانە. ناتوانێت هیچ کارێک بە دڵی خۆی بکات، یان خواردنێک بە دڵی خۆی بخوات بە پاساوی ژەهراویبوونی خواردنەکان، دەبێت پێش ئەو پاسەوانە تایبەتەکانی بیخۆن. بەڵام لە ڕاستیدا خواستی زەعیم ئەوەیە هەندێ جار بە دڵی خۆی خواردن بخوات، جا خواردنێکی هەژارانە بێت یا هی خەڵکی ئاسایی وەك خواردنی ساوار بە گۆشتێك.

هەر هەڵسوکەوتێکی، تەنانەت جووڵەیەکی بچووکیشی- وەك (پرژمین)، دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان. ئەمەش ڕەخنەیەکی توندە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە لەبری بڵاوکردنەوەی ڕاستی، زیاتر خەریکی گەورەکردن و دەستوەردانە لە ژیانی کەسایەتییە گشتییەکان، خەریککردنی میللەتە بە شتی بێ بەها، خۆدزینەوەیە لە ڕاستی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە، بۆیە شاعیرێکی وەك تەڵعەت تاهیر بە زمانێکی سادە بەڵام پڕ لە واتای قووڵ وێنەکان دەخاتە ڕوو.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

لە شوێنێکی تر گلەیی لە ژیانی خۆی دەکات کە تا ئێستە هیچ ئافرەتێکی بەدڵ خۆش نەویستوە؛ تەنیا چێژی کاتی لێوەرگرتوون و کاتی لەگەڵ بەسەر بردوون. نەبوونی سۆز و خۆشەویستی ئافرەتێکی تایبەت لە ژیانی تەواو بیری ئاڵۆز کردووە. بۆیە بەم شێوەیە باس دەکات بە نموونە:

ئای دایە...
دایکی من و ئەو وەتەنەی پلەی گەرمای دەگاتە پەنجا و قسوور
هەرچەندە موسنا و سولاس و روباع و توساع ژنم ناسیون
بەڵام کەسیان خۆشیان نەویستووم
ژنێک ترسەکانمی لە پەنای بشارمەوە و
جوانییەکی ڕوون بداتە دنیای ئاڵۆزم
بمکاتەوە ناوێکی سادە
بە چاو تام بکرێت و تامێکی ئاشکراش بێ بۆ میوەیەکی شاراوە
نەخێر... لە ژیانمدا ژنێک خۆشی نەویستم
شەوان وردە غەزەل و خۆشیی درشتم دەخستە باوەشیانەوە
کەچی ئەوان بە ناوی یارییەوە ماچیان بە پارە دەدامێ
لێوگەستن و ئاخ و ئۆفیان پەیوەست بوو بە ژمارەی لیرەکانەوە
چاوقایمانە دەیانگوت لیرەی زیاتر بدە و نقەی زیاتر ببیستە (تاهیر، ٢٠٢٤، ل٢٥)

(تەڵعەت تاهیر) لەم دەقەدا وێنەیەکی تاریکی مرۆڤی کورد لە سەردەمی مۆدێرنەدا دەکێشێت. مرۆڤێک کە لە نێوان گەرمای سیاسەت و ساردی پەیوەندییەکاندا گیری خواردووە. ئەم شیعرە تەنیا دەربڕینی بێزاری سێکسی- نییە، بەڵکوو دەربڕینی بێزارییە لە سیستمێک کە هەموو پیرۆزییەکان دەگۆڕێت بۆ ژمارە و دراو. هەروەها نامۆبوون لە نیشتمانێکی دۆزەخی دەقەکە بە گلەیی لە "وەتەن" دەست پێ دەکات کە پلەی گەرمای دەگاتە (٥٠)؛ ئەم گەرمایە تەنیا هیی کەشوهەوا نییە، بەڵکوو هێمایە بۆ دۆزەخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تیایدا مرۆڤەکان (بە تایبەت ژنان) ناچارن جەستەیان بفرۆشن، پیاوانیش سۆز لەدەست دەدەن، لە لایەکی تر ئاماژەیە بۆ بەکاڵابوونی پەیوەندییە مرۆییەکان. شاعیر بەتوندی ڕەخنە لە گۆڕینی پەیوەندی سۆزداری بۆ مامەڵەی بازرگانی دەگرێت.

دەستەواژەکانی(ماچیان بە پارە دەدامێ) و، (پەیوەست بوو بە ژمارەی لیرەکانەوە) ئاماژەی ڕوونن بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵگەیەدا، تەنانەت چێژ و خۆشەویستیش کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە لە فرەژنی و کولتووری ئایینی بە کارهێنانی زاراوەکانی "موسنا و سولات و روباع" دەگرێ، شاعیر ئاماژە بە ڕێگەپێدانی ئایینی بۆ فرەژنی دەکات، بەڵام ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە "زۆریی ژمارە" مانای بوونی "خۆشەویستی ڕاستەقینە" نییە. ئەو بەدوای "ژنێک" دەگەڕێت، نەک ژمارەیەکی زۆری ژن.

هەمیشە سەرکردەکان وامان پیشان دەدەن کە ئەوانیش حەز بە ژیانی سادە دەکەن، پێیان وایە لە هەمووشتێك شارەزان، بەڵام ڕاستییەکەی لە ژیاندا وا نین؛ بۆیە شاعیر زۆر بەڕوونی و بەجوانی وێنەیان دەکێشێت و دەڵێت:

زەعیم دەیەوێ سادە بژی
لە بەر چاوی کامێراکان
بەری نەشۆراوی باخچەکان دەخوات و
وەک پسپۆڕێکی کشتوکاڵی بە پێکەنینەوە دەڵێت

پەیڤی کەمە و
پاشەڕۆی بیست و شەش گوێدرێژی نەخەسێنراوی بۆ تەرخان کەن
بۆ ئەوەی لە میللەت نزیک بێ
چوار لای لاندگرۆزەرەکەی نارنجی کردووە
گوایە تەکسییە و بەنهێنی بە شوێن گرفتی خەڵکدا دەگەڕێ.
وێنەکانی، وشەکانی، قسەکانی، ماناکانی، ڕۆژەکانی،
بورجەکانی، کۆشکەکانی
پارچەی گومان و بەسەر شۆستەکاندا ڕژاون چونە ناو پیاسەی خەڵك (تاهیر، ٢٠٢٤، ل٢٥٤)

بۆیە لەم نموونەیەدا شاعیر ڕەخنەیەکی توندوتیژ دەگرێت، لە دووڕوویی سیاسی ونمایشکاریی سەرکردەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. شاعیر ئەو کەلێنە فرەوانە دەخاتە ڕوو کە لە نێوان قسە و کرداری سەرکردەکان، لە نێوان ژیانی لوکسی ئەوان و ژیانی سادەی خەڵکدا هەیە.

پەیامی سەرەکیی هۆنراوەکە ئەوەیە کە گوتاری فەرمی و وێنە دروستکراوەکان لە ڕێگەی میدیاوە، ناتوانن بۆ هەتاهەتایە ڕاستییەکان بشارنەوە. خەڵک تەنانەت لە نێو پیاسە و ژیانی ڕۆژانەشیاندا، هەست بە گومان و ناڕاستییەکان دەکەن. هۆنراوەکە بانگەوازێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی و ڕەتکردنەوەی نمایشە دروستکراوەکان، وەک داوایەک بۆ شەفافیەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەڕوونی شیعرێکی واقیعگەرایە کە ئاوێنەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرێك لە سەرکردەکانی ناو کۆمەڵگەیە. جگە لەمە ڕاشکاوانە و گاڵتەجاڕانە وێنەی ئەو سەرکردە سیاسیانە دەکێشێت کە بەدرێژایی مێژوو هەوڵیان داوە خۆیان بە (سادەیی) و نزیک لە خەڵک پیشان بدەن، لە کاتێکدا ژیانیان پڕ بووە لە پڕشنگداری و دوور بووە لە واقیعی ژیانی زۆرینەی خەڵک. هۆنراوەکە بە زمانێکی سادە و لە هەمان کاتدا پڕ لە واتا، ڕەخنە دەگرێت لە دووڕوویی سیاسی، نمایشکاریی سەرکردەکان، نایەکسانیی چینایەتی دەگرێت کە لە سایەی کامێرا و پڕوپاگەندەدا وێنا دەکرێن. ئەم پارچە شیعرە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو گومانە دەخاتە ڕوو کە خەڵک بەرانبەر بە قسە و کردارەکانی دەسەڵاتداران هەیانە.

ئێمە چەند دەستەواژەیەك وەردەگرین و شیان دەکەینەوە، وەك:

- **کامێرا**: هێمای میدیا و پڕوپاگەندەن، کە چۆن وێنەیەکی ساختە لە سەرکردەکان دروست دەکەن و لە ڕاستی لایان دەدەن. هەموو نمایشەکان لەژێر چاودێریی کامێراکان دان، واتە نمایشێکە بۆ ڕای گشتی، نەک کردارێکی ڕاستەقینە.

- **سەوزەی نەشۆراوەی باخچەکان**: هێمای پۆپۆلیزم و خۆپیشاندانە بە سادە و نزیک لە خەڵکی جووتیار و گوندنشین. هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی ژیانی لوکس و خۆدەرخستن بە جۆرێک لە سادەیی کە دوورە لە ژیانی ڕاستەقینەی سەرکردەکە.

- **لاند گرۆزەری نارنجی (کە گوایە تەکسییە)**: هێمایەکی بەهێزی نایەکسانیی چینایەتی و دووڕوویی سیاسییە. ئۆتۆمبێلێکی لوکس کە بە ئاشکرا نیشانەی دەوڵەمەندییە، بە ڕەنگێکی گشتی دەگۆڕدرێت بۆ ئەوەی وەک ئۆتۆمبێلێکی گشتی دەربکەوێت. ئەمە نیشانەی ئەو هەڵخەڵەتاندنەیە کە سەرکردەکان بۆ شاردنەوەی جیاوازییەکانیان لەگەڵ خەڵکدا بەکاری دێنن.

- **شۆستەکان و پیاسەی خەڵک**: هێمای ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییـن. گومانەکان و ناڕاستییەکان کە بەسەریاندا پژاون، پیشان دەدات کە چۆن درۆ و نمایشەکانی سەرکردەکان بوونەتە بەشێک لە ژیانی خەڵک؛ خەڵکیش لێیان بەئاگان و گومانیان هەیە.

بەشێك گەلانەی کە سەرکردەی وەك زەعیم بوونەتە بەڵا بەسەریانەوە، نەك هەر ژیانیان دەبەن بەڵکو سەروەت و ماڵیشیان دەبەن، بە ناوی دروستکردنی کارگەی ژیان و تەندروستیان لەنێو دەبەن؛ دەرمانی کارگەکانیان کوالێتی ئەوەندە خراپە، لەشی مرۆڤ دادەڕزێنێت؛ بۆیە کەسێکی وەك تەلعەت تاهیری شاعیر زۆر بەوریایی ئەم دۆخە پیشانی خوێنەرانی دەدات و دەڵێت:

زەعیم هەموو شتێکی لە پێناو ئێمەیە ئێمەی بێوەفا
کارگەی جگەرەی داناوە بۆ ئەوەی بەدیار
دەسکەوتەکانەوە بە بای بدەین
کارگەی کلێنسی داناوە فرمێسکی خۆشی پێ بسڕین
کارگەی دەرمانی داناوە و هێند پەرۆشە
لە گەچیش حەب دروست دەکات
(تاهیر،٢٠٢٤، ل٢٣٩)

بێگومان دروستکردنی کارگە ئابووریی وڵات بەرەو پێش دەبات و ژێرخانی ئابووریی وڵات دەبوژێنێتەوە؛ بەڵام دانانی کارگەی جگەرە هۆکارە بۆ ئەوەی تەندروستی خەڵکی تێک بچێت و دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی کوشندە. هەرچەندە لە تەنیشتیدا کارگەی دەرمانیشی داناوە، بەڵام پێکهاتەی دەرمانەکان لەگەڵ جگەرەدا زیاتر کۆمەڵگە دەشێوێنێت و تەندروستی خەڵک تووشی گەورەترین زیان دەکات.

لێرەدا یەک مەبەست هەیە، ئەویش دانانی کارگەی جگەرەیە بۆ ئەوەی بە دیار دەستکەوتەکانەوە شانازی بکەن. کارگەی کلێنسی داناوە بۆ ئەوەی فرمێسکی پێ بسڕێت، کارگەی دەرمانی داناوە هێندە بە پەرۆشە، لەگەڵ جگەرەشدا حەب دروست دەکات. تەنیا مەبەستی بردن و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی خەڵک و کۆمەڵگەیە، نەک بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، دروست بکات. ئەم کارگانە گەورەترین زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن.

ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی سەرەکی دەسەڵات تەنیا قازانجی دارایی و کۆکردنەوەی سەروەتە، نەک خەمخۆری بۆ تەندروستی گەل. جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە کارگانە دەبنە هۆی تێکدانی ژێرخان و تەندروستی کۆمەڵایەتی.

زەعیم هێندەبە پەرۆشەوە کار دەکات، لە بۆنە و یادەکان هەردەم دیاری بەسەر کەسانی دیاری کراودا بەش دەکات؛ بۆیە شاعیر ئەم گرفتەی نێو کۆمەڵگە بە هۆنراوە باس دەکات، وەك ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگە زەق دەکاتەوە، کۆمەڵ بەدەستیەوە دەناڵێنێت کاتێك لە نێو چامەی زەعیم دەڵێت:

زەعیمی موفەدا
لە ڕۆژی مافی ژناندا پڕێمز دابەش دەکا
لە ساڵڕۆژی منداڵاندا باس لەو موعجیزەیە دەکا
کە چۆن بەر لەوەی پێ بگرن فێری کڕنووش بوون؟!

(تاهیر،٢٠٢٤،ل٢٤٠)

لێرەدا ئاماژە بە گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات کە ئەویش ژنکوشتن بووە، بە ناوی شەرەف و پاراستنی شەرەفەوە. لە ڕۆژی ژناندا زەعیم دەچێت پرێمز دابەش دەکات بۆ ئەوەی کێشەکان زۆرترین و ئافرەتان زیاتر لەژێر ناوی شەرەفەوە لەنێو بچن. ئێمە هەردەم فێری ئەوە کراوین ڕێز لە گەورەکانمان بگرین، بەڵام هەرگیز فێر نەبووین کڕنووش ببەین بۆ سەرکردەکان. بۆیە زەعیم دەیەوێ نەوەیەك پەروەردە بکات فێر بێت هەردەم کڕنووشی بۆ بەرن، ئەوەش دووره لە کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئاینی، بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی.

ئەنجام:

١. شیعری کوردی لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری بنچینەی لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکدا بەخۆوە بینیوە. تەڵعەت تاهیریش خاوەن ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، گەلێ وشەی ئاسایی ڕۆژانەی خستووەتە نێو بەرهەمەکانی و جوانتری کردوون. وشەکانی وەک: سەوزە و میوە، کەوەر و پەتاتە، خواردنەکانی وەک ساواربەگۆشت و مریشک، هەموو ئەمانە و چەندین وشەی تری بە شارەزاییەکی باش لە شوێنی خۆیان تێکستەکانیان جوانتر کردوون.

٢. تەڵعەت تاهیر لە ڕێگەی چامەی (پاییزی زەعیمەوە) بە زمانێکی سادە بەڵام قووڵ، توانیویەتی گەورەترین کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە شێوەی سەرنجڕاکێش و ورد باس بکات.

٣. بە کاڵابوونی مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆییەکان و سۆزدارییەکان هۆکارێکن بۆ زیاتر بوونی دەسەڵاتی ڕەها و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا.

٤. چامەکە لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی 'گابرێل کارڵ مارکێز' کە خاوەنی تیۆری سەرخان و ژێرخانی ئابوورییە نووسراوە. هەر خۆشی لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، زەعیم و پیاوان پێیان وایە خۆیان خاوەنی هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگەیەن، هەموو شتێک دەتوانن بە پارە بکڕن، کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە.

5. وێناکردنی کارەکتەرەی دایک لە چامەکە داکە نوێنەرایەتی و وێنای چینی باڵادەست و سەرمایەداران دەکات. هەروەها دەسەڵات وەکوو (گرتووخانەیەکی زێڕین) وەهمی ژیان تەنیا و گەمارۆدراوە، دەسەڵات خۆشی تێیدا دیل کراوە، کە وێنا دەکات نەک ژیانێکی ڕاستەقینە.

لیستی سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١. ئاشنا، ئومێد(٢٠٠٨)، دیوانی بێکەس، پێداچوونەوەی (مسعود ئەحمەدی و مستەفا حسەینی قادری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٢. ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٩)، بەدەم ڕێگەوە گوڵچنین، نەوەی دووەمی شاعیرانی بابان، کتێبی یەکەم، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

٣. بێکەس، شێرکۆ (١٩٩٨)، دەربەندی پەپوولە، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی.

٤. پەشێو، عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥. تاهیر، تەڵعەت (٢٠٢٤)، ناوی تۆ ئیمزای منە، بڵاوکراوەکانی دەزگای فام، چاپخانەی فام، هەولێر.

٦. دیکنز، چارلز(٢٠٠٩)، ئارەزوو مەزنەکان، وەرگێرانی (ئازاد سەید عەبدوڵلا)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی فیکری ئەدەبی نما، هەولێر.

٧. سالح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨. سەجادی، بەختیار (٢٠٠٥)، تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیزم، گۆڤاری ڕامان ژمارە(٤٩)، هەولێر.

٩. موکریانی، مامۆستاهێمن (٢٠١٤)، سەرجەم هۆنراوەکانی هێمن موکریانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٠.هۆشیار، فایەق (٢٠٠٧)، پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی.

١١.هۆگۆ، ڤیگتۆر (١٩٨٨)، بێنەوایان، وەرگێرانی(محمەد شەڵماشی)، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١. شیراد, شلتاغ عبود(١٩٨٨), مدخل الى النقد الادبي الحديث, دار مجدلاوي للنشر,ط١,عمان

٢. الطلال, موئد(١٩٨٢), الوقعية الاجتماعية النقدية في القضة العربية, منشورات وزارة السقافة والاعلام سلسلة درسات, بغداد.

٣. وهيبة, مجدى(١٩٧٤), محجم مصطلحات الادب(انكليزى_فرنسى_عربى), مكتبة البنان, بيروت.

نامەی ماستەر بە زمانی کوردی:

١. سلێمان، هەژار(٢٠١٣)، ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی (حاجی قادر، و بێ کەس)دا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی:
١. قرنی، سمییە(٢٠١٦)، النقدالاجتماعی عند ابن خلدون, زانکۆی گەرمیان، کولیژی ئاداب، کەلار(گەرمیان).

List of sources:
Sources in Kurdish:
1. Ashna, Omid (2008), Diwani Bekas, revised by Massoud Ahmadi and Mustafa Hosseini Qaderi, first edition, Sardam Printing House, Sulaimani.
2. Amin, Nusrewan Mustafa (2019), Badem Regwa Gulchnin, Naw Dumi Shairani Baban, Book 1, Volume 3, First Edition, Zhin Printing House, Sulaimani.
3. Bekas, Sherko (1998), Darbandi Papoola, Besarani Printing House, Sulaimani.
4. Pashew, Abdullah (2008), Behind Nawa and Rule Krewe, 3rd edition, Hevi Printing House, Erbil.
5. Tahir, Tal'at (2024), Your Name Is My Signature, FAM Publications, FAM Printing House, Erbil.
6. Dickens, Charles (2009), Great Desires, translated by Azad Sayed Abdullah, Nama Literary Intellectual Research Center Publications, Erbil.
7. Salih, Awara Kamal (2012), Social Criticism and its Practice in Goran's Poems, Haji Hashim Printing House, Erbil.
8. Sajadi, Bakhtiar (2005), Theory of Literary Criticism of Marxism, Raman Magazine No. (49), Erbil.
9. Mukriani, Hemn (2014), All Poems of Hemn Mukriani, Aras Printing House, Erbil.
10. Hoshyar, Fayeq (2007), Proverbs of Piramird, Shvan Printing House, 2nd Edition, Sulaimani.
11. Hugo, Victor (1988), Benawayan, translated by Mohammed Shalmashi, Al-Hawadis Printing House, Baghdad.
Sources in Arabic:
1. Shirad, Shaltag Aboud (1988), Introduction to Hadith Literary Criticism, Dar Majdalawi Publishing House, Vol. 1, Oman
2. Al-Talal, Moeed (1982), Critical Social Situation in the Arab Period, Publications of the Ministry of Culture and Information, Baghdad.
3. Wahayba, Majdi (1974), Collection of Literary Terms (English_French_Arabic), Al-Banan Library, Beirut.

Master's thesis in Kurdish:
1. Sulaiman, Hazhar (2013), Dimensions of Social Criticism in the Poems of Haji Qadir and Bekes, Salahaddin University, College of Language, Erbil.

Master's thesis in Arabic:
1. Qarni, Samia (2016), Social Criticism at Ibn Khaldun, Garmian University, College of Arts, Kalar (Garmian).